# دوالیزمی شوێن لە دەقە شیعرییەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا

**سەرکەوت عمر ئیبراهیم**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیڵ:** Sarkawt.omerIbrahim@uor.edu.krd

**زانیار زیاد ئیبراهیم**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیڵ:** zanyar.zyad@uor.edu.krd

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە، کە بە ناونیشانی (دوالیزمی شوێن لە دەقە شیعرییەکانی(لەتیف هەڵمەت)دا)یە؛ لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی شیکارییە، لە هەمبەر دوالیزمی شوێن و ڕۆڵ و پێگەی ڕەگەزی شوێن لە چوارچێوەی دەقی شیعرییەکانی لەتیف هەڵمەتدا، لە ناو دەقە شیعرییەکانی شاعیردا جۆرێک لە هەڵگەڕاندنەوەی لە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەری دەقدا خولقێندراوە، دوانە دژەکان لە بەکاربردنی شوێن لە دەقە شیعرییەکاندا بوون بە بنیاتی هونەری و ئیستاتیکای دەقی شیعری، زۆر جار بوون بە (پەڵەی ئەرخەوانی) لە ناو دەقەکاندا.

ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە دوو پار:

پاری یەکەم: تایبەت کراوە بە چەمک و پێناسەی دوالیزم و لەگەڵ چەمکی فەلسەفی دوالیزم.

لە پاری دووەمدا باس لە دوالیزمی شوێن لە چوارچێوەی دەقە شیعرییەکاندا کراوە، بە پێی ئامادەبوونیان لە لای (لەتیف هەڵمەت)دا، لە کۆتایشدا ئەنجامە وەدەستهاتووەکان، پوختەی توێژینەوەکە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە ڕوو لەگەڵ لیستی ناوی سەرچاوەکان.

**کلیلە وشەکان:** دوالیزمی شوێن، لەتیف هەڵمەت، ئیستاتیکای شوێن، ئاسۆی چاوەڕوانی.

## پێشەكی:

شوێن مەودا و پێگەیەكی گرنگی لە بوون و هزری مرۆڤدا هەیە، چونكە شوێن واتای ژیان و گرتنەخۆ دەبەخشێت بۆ تەواوی زیندەواران و سەرجەم شتە بێگیانەكان، هەموو تەنێك دەتوانێت ببێت بە شوێن بۆ تەنێكی دیكە، شوێن پەیوەندی بە هۆشی مرۆڤەوە هەیە دانەبڕاوە لەگەڵیدا، خاوەنی گرنگییەكی دەروونی و ڕۆشنبیری ومێژوویی و كۆمەڵایەتی و هزری گشتییە لە هەموو لایەنەكانی ژیاندا، لەم نێوەندەشدا دوالیزمی شوێن وەک بە شێك لە ڕەگەزی شوێن ڕۆڵ و گرنگی خۆی هەیە، زۆرێك لە ڕۆشنبیران و بیرمەندان لە باسی گەردووندا دەڵێن: جیهان لەسەر دوانە دژەكان وەستاوە، ئەم دوالیزمانە سەرچاوەی ململانێ و تەبایی و ناتەباییەكانن.

ناونیشانی توێژینەوەكە: بریتییە لە (دوالیزمی شوێن لە دەقە شیعرەكانی (لەتیف هەڵمەت)دا).

**سنووری توێژینەوەكە:** ئەم توێژینەوەیە باسكردنە لە چەمک و پێناسەی دوالیزم، دوالیزمی شوێن، سنوور و چوارچێوەی كارەكە تەنیا لەناو هەندێك لە دەقە شیعرییەكانی (لەتیف هەڵمەت)دا خۆی دەبینێتەوە، لە چوارچێوەی دیوانەكەیدا.

**ئامانج و گرنگی بابەتەكە:** لە لێكۆڵینەوە ئەدەبی و ڕەخنەییەكاندا هێندەی گرنگی بە ڕەگەزی (شوێن) دراوە لە ژانرەكانی چیرۆک و ڕۆمان، هێندە بایەخ بەم ڕەگەزە نەدراوە لە ناو دەقی شیعریدا، دوالیزمی شوێنیش بەشێكە لە ڕەگەزی شوێن؛ بۆیە هەوڵ دراوە لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا باس لە گرنگی و لایەنی ئیستاتیكی بكرێت، لەناو دەقە شیعرییەكانی(لەتیف هەڵمەت)دا، كە ئامانج لێی دەرخستنی پێگە و ڕۆڵەكەیەتی لە ناو دەقە شیعرەكانی شاعیردا.

**ڕێبازی لێكۆڵینەوەكە:** لەم لێكۆڵینەوەیەدا سود لە ڕێبازی وەسفی و ڕەخنەیی شیكاری وەرگیراوە.

**پێكهاتەی توێژینەوەكە**: پاری یەكەم تایبەت كراوە بە چەمک و پێناسەی دوالیزم و لەگەڵ چەمكی فەلسەفی دوالیزم بەشێوەیەكی تیۆری.

لە پاری دووەمدا بەشێوەیەكی ڕەخنەیی شیكاری باس لە دوالیزمی شوێن لە چوارچێوەی دەقە شیعرییەكاندا كراوە، بە پێی ئامادەبوونیان لە دەقە شیعریەكانی (لەتیف هەڵمەت)دا، لە كۆتایشدا ئەنجامە وەدەستهاتووەكان، پوختەی توێژینەوەكە بە زمانەكانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە ڕوو.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

پەیوەستە بە دەقە شیعرییەکانی (لەتیف هەڵمەت)، بە پێی ئامادەبوونی دوالیزمی شوێن لەناو دەقەکانیدا لێکۆڵینەوەکە ئەنجامدراوە، نەک بە پێی بوونی جۆر و ژمارەی دوالیزمەکان.

## ئەنجام:

١- دوالیزمی شوێن، وەک هەر یەکێک لە دوالیزمەکانی تر گرنگی زۆری لە دەقی ئەدەبیدا هەیە، لە دەقە شیعرییەکانی (لەتیف هەڵمەت)یشدا ئامادەبوونێکی فراوانیان هەیە.

٢- دوالیزمی شوێن لە دەقە شیعریەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا بە دوو شێوە بەکار هاتوون:

یەکەم: ئەو شوێنانەی تۆبۆگرافیا، بووە بە سەرچاوەی دوالیزمییان وەک:(شوێنی بەرز و شوێنی نزم، باکور و باشور، خۆرهەڵات و خۆرئاوا.. تاد.).

دووەم: ئەو شوێنانەی ناخ و دەروونی شاعیر بووە بە سەرچاوەی دوالیزم بوونیان وەک:( شوێنی هۆگر و شوێنی ناهۆگر، شوێنی چۆڵ و شوێنی قەڵەباڵغ، شوێنی خۆش و شوێنی ناخۆش.. تاد.).

٣- لە بەشێکی زۆری دەقە شیعرییەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا، دوالیزمەکان بوون بە چەقی دەق و هەموو وشەو ڕستەکان لە چوار چێوەی ئەو شوێنە دوالیزمانە، خول دەخۆن و خەیاڵ و نەستی خوێنەر کەمەر کێشی ئەو شوێنانە دەکەن، کە شاعیر خۆی مەبەستیەتی.

٤-بەهۆی دوالیزمی شوێنەوە شاعیر دەرئاسایەک لە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەردا دروست دەکات، کە پێشتر هەرگیز خوێنەر ئەو تێڕوانینەی لەمەڕ ئەو شوێنەدا نەبووە، بە چەشنێک ئاسۆی چاوەڕوانییەکەی پێچەوانە دەبێتەوە، کە تەواوی بیرۆکە و تێڕوانینەکانی دەبن بە پاشکۆی تێڕوانین و مەبەستەکانی داهێنەری دەق.

٥-شاعیر لە دەقە شیعرییەکانیدا ناسنامەی بەشێک لە شوێنەکانی گۆڕیوە، بە ماسکێکی دوالیزم ڕوپۆشی کردون، هەندێک شوێنی لە بچوکییەوە تا ئاستێکی زۆر گەورەی کردوون، بە چەشنێکی قەبارەکەیان دوالیزمە بە بوون و ناوەڕۆکیان.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

# The Dualism of Place in Lattif Halmat's Poetic Texts

**Sarkawt Omer Ibrahim**

Kurdish Department, College of Education, Universty of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.

**E-mail:** Sarkawt.omerIbrahim@uor.edu.krd

**Zanear Zyad Ibrahem**

Kurdish Department, College of Basic Education, Universty of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.

**E-mail:** zanyar.zyad@uor.edu.krd

## Abstract:

This research, which is entitled "The Dualism of Place in Lattif Halmat's Poetic Texts", is a critically analytical study on the dualism of place, the role and position of the element of place within the frame of poetic texts. In the poet's poetic texts, the element of place created a kind of reversal in the readers' horizon of expectations. The binary oppositions have become the structure of art and the aesthetic of poetic texts. And often, they have become (purple patches) in the texts in a way that all the surrounding words are ablaze with their power and their beauty.

This research is composed of two chapters:

The first chapter is devoted to the concept and definition of dualism and the philosophical concept of dualism in a theoretical method.

In terms of their presence in Lattif Halmat's poetic texts, the second chapter deals with the dualism of place within the frame of poetic texts in a critically analytical way. And finally, the research ends with the conclusions and bibliography.

**Key words:** The Dualism of Place, Lattif Halmat, The Aesthetics of Place, Horizon of Expectations.

## سەرچاوەکان


هەڵمەت لەتیف ٢٠١٤، خواو شارەبچکۆلانەکەمان، ناوەندی غەزەلنووس، چاپخانەی تاران.
حسەین علی تاهیر ٢٠٠٨، ڕەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزە کردن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

ڕەئوف لوقمان ٢٠١٢. ڕەهەندییەکانی شوێنکات لە دەقە والآکانی شێرکۆ بێکەسدا. سلێمانی: چاپچانەی کەمال.

عەبدولڕەحمان, لهۆن قادر .٢٠١٤ .دوالیزمی دژیەک لە هۆنراوە لیریکییەکانی مەولانای ڕۆمی و مەولەوی تاوەگۆزیدا .تاران : رجایی, ٢٠١٤ .چاپی یەکەم.

کەریم پ.د.زاهیر لەتیف، مەستی پ.د.نیان نەوشیروان ٢٠١٧، فرە خوێندنەوەیی لە دەقی (ئێستا کچێک نیشتمانمە)ی شێرکۆ بێکەس، چاپی یەکەم.

ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام ٢٠٠٧، فەلسەفەی دوالیزم لە هزری د.زەکی نەجیب مەحمود دا، و/محمەد وەسمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

ئەسوەد د.نەوزاد ئەحمەد ٢٠١٥، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.

گەردی سەردار ئەحمەد. ٢٠١٢. "دووالیزمی شوێن لە قەسیدەی(قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرووری)ی حەزرەتی نالی." گۆڤاری ئەکادیمیای کورد ٢٢: ٩١.

عەبدولمحەمەد ماریا جلال. ٢٠٠٤. دەلالەتەکانی شوێن لە دەقەکانی(نەوزاد ڕەفعەت)دا. هەولێر: نامەی ماجستێر- کۆلێژی پەروەرد- زانکۆی سەلاحەدین.

صليبا, جميل .١٩٧١ .المعجم الفلسفي .بيروت : دار الكتب اللبناني, ١٩٧١ .الطبعة الاولى.

العانى, شجاع مسلم .٢٠٠٠ .البناء الفني في الرواية العربية في العراق .٢٠٠٠.

كلحوش فتحية. ٢٠٠٨. بلاغة المكان. طبعة الاولى. لبنان: مؤسسة الانتشا العربى.

النابلسي, شاكر .١٩٩٤ .جماليات المكان في الرواية العربية .بيروت : المؤسسة العربية للدراسات و النشر, ١٩٩٤.

سويرتي, محمد .١٩٩٤ .النقد البنيوي و النص الروائي .افريقيا الشرقي .,s.n : ١٩٩٤ .الطبعة الثاني.

سبزيان, سعيد مرآد آبادى .١٣٨٨ .فرهنگ نظرية و نقد ادبى،واژگان ادبيات و حوزەهاى وابسه .تهران : انتشارات مرواريد, ١٣٨٨.

سروشت, عبدلكريم .١٣٥٧ .نقدى و در آمدى بر تضاد ديالكتيكى .خرداد : انتشارات حكمت, ١٣٥٧ .چاپ اول.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

